

# ئاسمانەکەی ئەودیو!

## لە نێوان تۆی "ستۆکهۆڵم" و منی "سلێمانی"دا

شێروان خدر

من لەودیو شەبەنگەکانی هەتاو،
تۆ لەودیو بازنەکانی بەفر.
مۆنیتەرێکی بچکۆلانە لەسەر مێزەکە داگیری کردووین!

من بە سوعبەتێکی ناسکەوە لە ناوت دەپرسم،
تۆ بە زەردەخەنەیەکی تەڕەوە.

من بە لەززەتەوە پرسیاری ڕەنگی چاوت دەکەم،
تۆ بە ئەشقیابوونەوە پرسیاری کەچەڵ بوونم.

من دانیشتووم و پەنجەکانم زەرد بوون لە دوکەڵ،
تۆ هەنسک دەدەی و چاوەکانت ڕەشکاویان لێتدەکێ.

من دەنووسم و پرسیار .. مێژووم بیردەباتەوە،
تۆ خۆت ون دەکەی و دەنگت نامێنێ.

من پەنجەکانم ڕووت دەبنەوە،
تۆ مەمکەکانت تەزیون لە چاوەڕوانی.

من بە نامەیەکی ئەلیکترۆنی هەناسە دەدەم بە ژیان،
تۆ بە شەهوەتەکانت نیگای مانگەشەو دەدزی.

من زەنگێکت بۆ دەنێرم،

تۆ بێدەنگییەک.

کە دێیەوە، غەریبی خۆمت بۆ دەردەبڕم،

کە دەڕۆی، ماچێک لەسەر لێوم بەجێدێڵی.

من پەرێشانی سەر کورسییەکە بووم،

لە نیزامی گەردوون بچینە دەرەوە.

تۆ پەرێشانی پیاسەیەک و رووتبوونەوە بووی،

لە نیزامی قسە کردنەوە، بچینە ناو چوارگۆشەی جوولەوە.

تۆ سێبەرت ون بوو لە ئاسمان،

من کزبوونەوە داگیری کردم.

تۆ دەنگت وەک بەفر چلوورەی بەست،

من کورسییەکەم بە تەنها لەگەڵم بێدار مایەوە!

سلێمانی 7-8-2005